نمونەیەك لە قوتابخانەكانی كركوك

# قوتابخـــانە یـــان زبڵخـــــانە..!!




رۆژی 5-4-2006 لەگەڵ وەفدیكی ئۆفیسی كركوكی سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان ، سەردانی قوتابخانەیەكمان كرد لە شاری كركوك .كە تەنها ناوی قوتابخانە بوو ،لە راستیدا بریتی بوو لە بینایەك كە 5 دەوامی تیا دەكرا و بریتی بوو لە 3 قوتابخانەی سەرەتایی و 2 قوتابخانەی ناوەندی ،كە هەر هەموویان لەو بینایەدا بە شیوەی یەك لە دوای یەك دەوامیان لەو بینایەدا دەكرد.

بەلام كاتی كە هەنگاوم بەرەو ناو قوتابخانەكە دەنا و چاوم لە دەوروبەری خۆم دەگیرا ،هەموو ئەو شتانەی كە بە چاو ئەبینران، دل تەزین و بە ئازار بوون.

كۆمەلی پەپولەی جوان و ناسك لە مالەوە بۆ ئەوە نیردرابوونە  قوتابخانە تاكو زانست و زانیاری فیر بن و دوا رۆژیكی گەش و بە سوودیان هەبیت.بەلام لە ناخی خۆمدا بیرم لەوە دەكردەوە ئەو منالەی بە سەرما و گەرما لە سەر زەویەكی رەق و تۆزاوی دەرس بخوینیت وكراسەكەی لە تۆز و خۆل دا وون بووبیت ،دەبیت فیری چی ببیت.

یەكیك لە منالە چاو گەشەكان لیی پرسیم و ووتی مامۆستا تۆ مامۆستای تازەی ؟ منیش پرسیاری ئەوەم لی كرد تۆ بۆچی دەخوینی و دەتەویت ببی بە چی لە دوا رۆژدا ؟وەلامی دامەوە و ووتی دەمەویت ببم بە ئەندازیار- مهندس -.ووتم بۆ؟ ووتی تا قوتابخانەیەك دروست بكەم لەمەی خۆمان زۆر خۆشتر بیت چونكە ئەوەی خۆمان ویران بووە وبە كەلكمان نایەت.

كاتی رووی پرسیارمان لە بەریوەبەری قوتابخانەكە و مامۆستاكان كرد ،زۆر توورە بوون بەرامبەر بەم وەزعە و نارەزایەتیەكی زۆریان هەبوو لە بەرامبەر بە حكومەت .

وەك بەریوەبەری قوتابخانە ووتی كوا حكومەت؟! و من 100 جار چوومەتە لای حكومەت تا بین و ئاوریك لەم منالە چاو جوانانە بدەنەوە كە بەشی زۆری منالەكان لە سەر زەوی دانیشتوون و لە ناو تۆز و پیسی دا شت دەنووسنەوە و دەخوینن و پۆلەكانمان سارد وسرن و بێ پەنجەرەوبێ زۆپان وقوتابخانەكەمان لە پیسیدا وون بووە و تەوالیتمان نیە بۆ قوتابیان و كتیب و دەفتەرمان نیە و تەختە رەشمان نیە وچەندین كیشە و كەم و كوری تر، بەلام حكومەت لایەكمان لی ناكاتەوە.ووتی حكومەتیك نەتوانیت كورسی و تەختە رەش بۆ قوتابیان وقوتابخانەكان دابین بكات و پەنجەرە شكاوەكانی ژوورەكان چاك بكاتەوە ، چۆن حكومەتیكە؟!

گلەیی و رەخنەو داخ لە دلی مامۆستایان وقوتابیان ئەوەندە زۆر بوو لە بەرامبەر بە كەم وكوریەكاندا ،كە ئیسنان ناتوانیت لە نووسینیكی كورتدا دەری ببریت.

ئیمە وەك سەنتەر سەردانی ئەو قوتابخانانەمان کرد تا لە نزیکەوە لە وەزع وکیشە و مەشاکیلەکانیان ئاگادار بین و لە دوای ئەوەش ئیمە هەولی خۆمان وەك سەنتەر بخەینە گەر تا بتوانین  لە ریگەی حکومەت وریکخراوەکانەوە چارەسەری کیشەکانی قوتابخانە و خویندن و خویند کارەکان حەل بکەین.

**شنۆ محمد**

**کرکوك**

2006-4-14